السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# نابێـت هیچ یەکێکتان بە یەک پۆشاکەوە نوێژ بکات بە شێوەیەک کە شانەکانی دانەپۆشێـت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێـت هیچ یەکێکتان بە یەک پۆشاکەوە نوێژ بکات بە شێوەیەک کە شانەکانی دانەپۆشێـت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێویستە نوێژخوێن لەسەر جوانترین شێوە وڕواڵەت بێت لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا، خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت: {يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُم عِندَ كُلِّ مَسجِد}[الأعراف: 31] واتە: {ئەی نەوەی ئادەم، پۆشاکی جوان وڕازاوەتان بپۆشن لەکاتی ئەنجامدانی هەموو نوێژێکدا (ولە کاتی چوون بۆ مزگەوت)}. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە نوێژخوێن کردووە بەوەی کە نابێت شانی دانەپۆشراو بێت لە کاتی نوێژدا ئەگەر شتێک هەبوو دایان بپۆشێت یان ئەگەر هەبوو با بە لایەنی کەمەوە شانێکیان داپۆشێت، ونەهی کردووە لە نوێژکردن بە شانی دانەپۆشراو بە جل یان بە پارچە قوماشێک چونکە ئەمە شوێنی وەستانە نوێژکردن وداواکردن وپاڕانەوە لە خودا. بۆیە داپۆشینی شانەکان واجبە لە کاتی هەبوونی شتێک کە دایانبپۆشێت، وشانەکانیش مەبەست پێی ئەو بۆشاییە لە نێوان مل وجومگە گەورەکەی سەرەوەی قۆڵی هەردوو دەستەکان هەیە، ولە گێڕانەوەیەکدا دەفەرموێت: (شانی) مەبەست پێی ڕەگەزی شانە، واتا: هەردوو شانەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10639